هەواڵ هەواڵ

پیرمام: وڵاتیەک دەکوژرێ

وڵاتیەکی خەڵکی پیرمام بەناوی (ر.ی) کە دانیشتووی کۆمەڵگەی شاوەیس بوو لەکاتی ناوبژی کردنی نێوان دوو لایەنی بەشەڕهاتوو لە ٢٠٠٧/٢/٨ گوللەیەکی بەردەکەوێ و دەکوژرێ.

هەرچەندە کە بکوژەکە لەلایەن باوکیەوە ڕادەستی پۆلیس کراوە، بەڵام کەس و کاری کوژراوەکە داوای تۆڵەی دەکەن و هەڕەشەی لەبنەماڵەی شاوێسیەکان دەکەن، بەوهۆیەوە نزیکەی ٢٠ ماڵ ئەم کۆمەڵگەیەیان جێ هێشتووە.

گەنجێک دەخنکێندرێ

گەنجێکی تەمەن ١٩ ساڵ بەناوی(ش.ف) خەڵکی گوندی گەلیاوەی سەر بەناحیەی پیرمام کە لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی دەیخوێند،ڕۆژی ٨-٢-٢٠٠٧ لە ماڵەکەی خۆیاندا دەخنکێندرێ.

کەسوکاری قوربانیەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە قوربانیەکە بۆخۆی خنکاندووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەو ناکۆکیە دەگێڕنەوە کە لەگەڵ باوکیدا هەیبووە.

هەندێک هۆکاری خۆخنکاندنەکە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە باوکی ئامادە نەبووە پارەی چوونە هەندەرانی بۆ دەستەبەر بکات، ئەویش لە داخانا پەنای بۆ خۆکوشتن بردووە!

تەرمی خوێندکارێک دەدۆزرێتەوە

لاوێکی تەمەن ٢١ ساڵ بەناوی (ه.ف.ت)دانیشتووی شارۆچکەی کۆرێ لەکاتی دەوامی قوتابخانەدا کە لەدواناوەندی کۆرێ دەیخوێند لەلایەن کەسێکەوە تەلەفۆنی بۆ دەکرێ و کاتی دیداری بۆ دیاری دەکرێ، ئەویش لەکاتی دیاری کراودا دەچێتە لای و ناگەڕێتەوە.

سەرەنجام دوی دوو ڕۆژ گەڕان و سۆراغکردن،باخەوانێکی دەڤەرەکە بەناوی (س.ک) تەرمەکەی بەکوژراوی لەنێوان گوندی ئاژگەو زیارەت دەدۆزێتەوە. بەگوێرەی قسەی کەسوکاری ئەو قوربانیە کەم ئەندام بووەو کێشەی لەگەڵ کەسدا نەبووە.

پردی دەربەند نیگەرانی بۆ خەڵکی دەڤەری مەرگە دروست دەکات

دوای ئەوەی پرۆژەی پردی دەربەند بۆ بەستنەوەی هەردوو دەڤەری بتوێن و پشدەر بەدەڤەری مەرگە لەلایان حکومەتی هەرێمەوە بریاری لەسەر دراو لەلایەن کۆمپانیایەکی تورکی بەناوی (ئانور) بەبری ٦ ملیۆن دۆلار گرێبەستی لەسەر کرا و بریاردرا کە ٣/١ پرۆژەکە جێ بەجێ بکرێ و ڕادەستی حکومەت بکرێتەوە، بەڵام ئەمە جێگەی بێمتمانەیی خەڵکی دەڤەرەکەیە، چونکە پردەکە بەشێوەیەکی باریک و نەشیاو دروستکراوە، ئەمەش نیگەرانی پەیداکردووە.

ڕۆژنامەی هەوێن ڕادەگیرێ

بڵاوکراوەیەکی مانگانە بەناوی هەوێن لەدەڤەری پشدەر دەردەچوو، بەهۆی ئەوەی دیاردە دزێوو ناحەزەکانی ئاشکرا دەکرد لەلایەن گەنجان و ڕۆشنبیرانەوە پێشوازی باشی لێدەکرا، بەڵام لە هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراودا دوای پێنجەمین ژمارە هەواڵی ڕاوەستانی بڵاوکرایەوە.

ئەوەی شیاوی هۆکاری ڕاوەستانی (هەوێن) بۆ کێشەی دارایی و هاوکاری نەکردنی لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە دەگێڕدرێتەوە.

ڕاپەڕین: هێنانی مامۆستای عەرەب نارەزایی لێ دەکەوێتەوە

بەهۆی ئەو ڕەوشە نائارامییەی کە لە عێراقدا هەیە، ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستاکانی باشوور و ناوەڕاست ڕوویان لە کوردستان کردووەو زۆربەشیان وەک دکتۆر و مامۆستای زانکۆو ئامادەییەکان دامەزراون و جێگەیان بۆ دابینکراوە، کەچی خەڵکی دەڤەری ڕاپەڕین (ڕانیە، قەڵادزێ، چوارقورنەو حاجیاوا) هێنانی ئەم مامۆستایانە بە کارێکی گونجاو نازانن و پێیانوایە کە فێرخوازان سوودمەند نابن،بەوهۆیەوە دەخوازن کە لە جیاتی ئەوانەوە ئەو کەسانە دابمەزرێندرێن کە خەڵکی دەڤەرەکەن وبڕوانامەی باشیان هەیە و خوێندنیان تەواوکردووە

قەڵادزێ: وڵاتیەک دەکوژرێ

ڕۆژی٦/٧/٢٠٠٧ وڵاتیەکی خەڵکی قەڵادزێ بەناوی (ئا.پشدەری) کە لەلای پزیشک دەگەڕێتەوە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو کەسە کە دەگەڕێتەوە ماڵ تەنیا دایکی و خوشکێکی لەماڵ دەبن، بەبەرچاوی ئەوانەوە دەرگەی کانتۆرەکەی دەکاتەوەو چەکەکەی دەردێنی و دەچێتە سەربان، لەوێ گوللەیەک لەخۆی دەدات و کۆتایی بەژیانی خۆی دێنێ.

کەسوکاری قوربانیەکە هۆکاری خۆکوشتنەکە بۆ بێهیوایی لە چاک نەبوونەوەی نەخۆشیەکەی دەگێڕنەوە کە ماوەیەکی زۆربوو بەدەستیەوە دەیناڵاند. ئەوان پێیانوایە قوربانیەکە کاتێ زانیویەتی چارەی نابێ، مەرگی

شاندێکی رزگاری سەردانی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دەکات

کاتژمێر ١٠ی ڕۆژی ١١-٢-٢٠٠٧ شاندێکی حزبی رزگاریی کوردستان کە پێکهاتبوو لە هەڤاڵان ڕێکار ئەحمەد، سکرتێری حزب و هەڤاڵان ئەمیر حاجی محەمەد و فەهمی سلێڤانەیی، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی سەردانی بارەگای مەکتەبی پێوەندیەکانی کوردستانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد کە لەلایەن بەڕێزان ئیسماعیل مەحمود بەرپرسی مەکتەب ومەحمود حاجی ساڵح جێگری مەکتەب و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندیەکان پێشوازی لێکرا، ئەوسا باس لە ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان و عێراق و ناوچەکە کرا. هەردوولا جەختیان لەسەر پتەوکردنی ڕیزەکانی هێزە سیاسیەکانی وکوردستان و جەماوەری کوردستان کردەوە، هیوایان خواست کە حکومەتی هەرێم ڕێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژانەی خەڵک بدۆزێتەوە.

کاتژمێر ١٥ی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١١-٢-٢٠٠٧ شاندێکی حزبی رزگاری کە پێکهاتبوو لە هەڤاڵان (ڕێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی حزب و عومەر حەسەن، کارگێری مەکتەبی سیاسیو ئەمیر حاجی محەمەدو فەهمی سلێڤانەیی، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی) سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لە لایەن ڕێزداران(کاک مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو هاورێیان حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیو محەممەد نەزیف قادریو تەیموور مستەفایی، ئەندامانی دەفتەری سیاسی) پێشوازیی لێ کرا.

سەرەتا شاندی رزگاری مەبەستی لە سەردانەکەی باس کردو ئاماژەی بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبێکی خەباتگێرو سیاسیو بەپرنسیپ کرد،هەروەها ئاماژەی بە ئاکامەکانی پلینۆمی نۆهەمی حیزبی دێموکرات کرد کە لەم دوایەیانەدا کۆتایی بە کارەکانی هێناوە، لەو پێوەندیەشدا هەڵوێستو بڕیارەکانی پلینۆمی نۆهەمی بەرز نرخاند و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی زیاتری بۆ خواستن . دواتر باس لە ڕەوشی هەنووکەی کوردستان و ناوچەکە کرا و هەردوولایەن هیوایان خواست کە بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان بتوانێ گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە لە بەرژەوەندی گەلی کوردستاندا بگێڕێتەوە . پلە کۆتاییدا ڕێزدار کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حزبی دێموکراتی کوردستان جارێکی دیکە سوپاسی هەڵوێستی سیاسیو برایانەی حیزبی رزگاریی کوردستانی کردو لە سەر گرینگیی پێوەندی نێوان هەردوولا پێی داگرتەوە.

کاتژمێر ١٦ی ڕۆژی ١٤-٢-٢٠٠٧ هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد بە یاوەری هەڤاڵ هەژار زراری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگاری هەولێری حزبی رزگاریی سەردانی بارەگای بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستانیان کردو لەلایەن بەڕێز مام خدر روسی سکرتێری بزووتنەوەو ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیەوە پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکی یەک کاتژمێریدا باس لە پێوەندیەکانی نێوان هەردوولا و چۆنیەتی دۆزینەوەی ئالیەتێک بۆ پێوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێم و پارلەمانی کوردستان کرا، هەردوولا هاوڕامان بوون کە دەبێ حکومەتی هەرێم کراوەتر وەلامی داخوازیەکانی جەماوەر بداتەوە و لە چوارچێوەی یاسای حزبەکانیشدا ڕەفتار لەگەڵ لایەنە مۆڵەت پێدراوەکاندا بکات. لە کۆتاییدا هەردوولایەن سەبارەت بە گرژیەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران نیگەرانی خۆیان پێشاندا و پێیانوابوو کە ئەگەر شەڕێکی دیکە لە ناوچەکەدا ڕووبدات زیانێکی گەورە بە گەلی کوردستان دەگات.

کاتژمێر ٩،٣٠ ی ڕۆژی ١٥-٢-٢٠٠٧ شاندێکی حزبی رزگاری کە پێکهاتبوو لە هەڤاڵان ڕێکار ئەحمەد، سکرتێری حزب و ئەمیر حاجی محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و هەڤاڵ هەژار زراری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی سەردانی بارەگای مەکتەبی پەیوەندیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کردو لەلایەن بەڕێز کاک سەلاح دەلۆ بەرپرسی مەکتەب و کاک میقداد جێگری مەکتەبی و کاک ڕەسول ڕەزگەیی ئەندامی مەکتەبی پێشوازیان لێکرا، لە دیدارێکی یەک سەعات و نیویدا باس لە ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان و قۆناغەکانی پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کرا، هەردوولا تەبایی و هاوهەنگی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستانیان بە مەرجی بەرەوپێشەوەچوونی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان و پاراستنی دەستکەوتەکانی جەماوەر لێکدایەوەو ئاواتیان خواست کە ئیتر شێوازێکی پێشکەوتووانەتر بۆ پێوەندی نێوان هێزە سیاسیەکان و حکومەتی هەرێم و جەماوەر هەلبگیرێتەوە.

بازاڕی بەشداربووانی کۆنفرانسی تورکیا گەرم دەبێتەوە

بەگوێرەی هەواڵ کۆنە پیاوانی بەعس لەدەڤەری سۆران و حەریرو شەقلاوە بەتایبەتی ئەوانەی لەدوای (١٩٩٢)وە بەرەو باوەشی ڕژێم چووبوون ئێستا پەیوەندی بەو سەرۆک هۆزانە دەکەنەوە کەپێشتر فەوجی جاشایەتیان هەبووەو لەکۆنفراسی تورکیادا بەشداریان هەبووە.

دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئەو کۆنە موستەشارانە بەڵینیان پێدراوە کە فەوجەکانیان نوێ بکەنەوەو هاوکاری عەرەبە سوننەکان و بەرەی تورکمانی بکەن و بۆ ئەوەی کەرکوک بۆ سەرهەرێمی کوردستان نەگێڕدرێتەوە.

وابڵاوبۆتەوە کە جەوهەر محێی هەرکی پێوەندی بە هەرکیەکان و قاسم ئاغای کۆیی کە ئێستا لەسوریایە پەیوەندی بە خزمانی خۆی کردۆتەوەو داوای لێکردوون کە سەردانی بەهرام شێخ هارون و وریا جەمیل کۆڕێ بکەن و پێوەندی خۆیان نوێ بکەنەوە.

پارچە زەویەک بۆ خاوەنەکەی دەگێڕدرێتەوە

(م.ح) کەخەڵکی ناحیەی بەردەڕەشی دەڤەری بادینانە و ماوەی ٨ ساڵە لەسلێمانی نیشتەجێیە و کاری مامۆستایەتی دەکات و لەڕێگەی کۆمەڵەی زیندانە سیاسیەکانەوە لە ساڵی ٢٠٠٥ پارچەزەوییەکی لەحکومەتی هەرێم بۆ وەرگیراوە، ئەوکات بەدوای زەویەکەیدا دەڕوات و لەشارەوانی پێیدەگوترێ کە دابەشکردنی زەوی ڕاگیراوە.

بەگوێرەی هەواڵ چەند ڕۆژێک لەمەوبەر کارمەندێکی شارەوانیەکان لەبەرامبەر ٥٠٠ دۆلاردا نهێنی دەستبەسەرداگرتنی ئەو زەوییەی بۆ ئاشکرا دەکات و بۆی ڕوون دەکاتەوە کەلەسەر کەسێکی دیکە تۆمار کراوە.

وەک زانراوە زەوییەکە دەکەوێتە گەڕەکی (ڕاپەرین _باوەمردە) و ٢١٠ مەتر چوار گۆشەیە، بەوهۆیەوە ناوبراو دەیەوێ سکاڵای خۆی بە جێگری سەرۆکی هەرێم بگەیەنێ، بەڵام کارمەندەکان وێڕای ئەوەی کە داوای بووردنی لێدەکەن، بەڵێنیشی پێدەدەن کە زەویەکە لەسەر ناوی ئەو تۆمار دەکەنەوە.

هەواڵی سەیر

*ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/١٠ لەگەرەکی (حوریە)ی شاری کەرکوک چەند کەسێک بەجل و بەرگی یاسایییەوە منداڵیکی تەمەن ١٢ ساڵیان بەناوی (ه.ک.ع) دانیشتووی هەمان گەڕەک کەپێشتر خەڵکی گوندی(میلە سورە) بوونە ڕفاند، هەرچەند منداڵەکە هاواری کردبوو کەس نەی وێرابوو فریای بکەوێ، تەنیا ژنێک ویستبووی پەلاماریان بدات، ئەوانیش هەڕەشەیان لێ کردبوو لەترساندا ئەویش گەڕابووەوە، شایانی باسە یەکێک لە دزەکان بەکوردی خۆی لەژنەکە تووڕە کردبوو!!

*دوای ٣ مانگ زیندانی کردنی دوو کەس بەناوی (س) و (ق)بە تۆمەتی دزینی ئۆتۆمۆبیلێک و دەرکەوتنی بێتاوانیان ئەوسا بەکەفالەت بەردران و کابرای دزیش کەگوایە برای بەرپرسێکەو جورئەت ناکرێ بیگرین، تەنیا جارێک مەفرەزەیان بۆ گرتنی ناردبوو،بەڵام چونکە لە ماڵی براکەی ئیدی بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە، دواتر ئەفسەرێکی پۆلیس بە لەخۆی گەورەتری وتبو: قوربان کێ ئەویرێ تەقەی لێ بکات با ئەو کەسە بڕوات بۆ گرتنی!!

*دیاردەی بێ هۆشکردن بەلۆکە لەعیراق سەری هەڵداوەتەوە لەلایەن تیرۆرست و دزەکانەوە بۆ ڕفاندنی خەڵک و دزینی ماڵان، لە هەفتەی ڕابردوو لە گەڕەکی(حی العسکری) کەرکوک ژنێک بەناوی جوانە کاتێک بانگ دەکرێت بۆ بەردەرگە لەلایەن ژنێک و دوو پیاوەوە بەلۆکە بێ هۆشدەکرێ و دەچنە ماڵیانەوە دزیەکی گەورەیان لێ دەکەن پاشان بەبێ هۆشی لەناو ماڵەکەدا بەجێی دێڵن. ئێستا ئەو ماڵە لەتاواندا باریان کردووە بۆ گەڕەکی ڕەحیم ئاوا و ژنەکەش لەداخانا دووچاری نەخۆشی دەروونی هاتووە!!

*لاوێک بەناوی (ک) کوڕی وەستا فەلاح باسی ڕفاندنی خۆی دەکات کە ڕۆژی ٢/٢/ ٢٠٠٦ لەکاتی ڕۆیشتنی بۆسەر کار لەلایەن چەند کوردێکەوە لەلای شۆریجە ڕفێندرابوو، ئەو دەڵێ: منیان بۆ شوێنێکی نادیاربردو تائێوارە لەوێ هێڵراوەتەوە،دواتر ژمارەی تەلەفۆنیان لێ وەرگرتووەو بەمەبەستی پارە وەرگرتن تەلەفۆنیان بۆ کەسوکاری کردووە. ناوبراو پێیان دەڵێ: وەلاهی من خۆم پاکەت فرۆشم باوکیشم پەک کەوتەو هەژارە ئەگەر بەنیازن بەپارە بەڕەلام بکەن، ئەوە دڵنیابن کە ئەگەر دەسالی دیکەش لەگەڵتان بم پارەمان نیە بتان دەنێ یان ئەوەتا بمکوژن، ناچار ئەوانیش لەشەو بەڕەلای دەکەن و دەگەڕێتەوە. ناوبراو دەڵێ: بە هەر سێ زمانی عەرەبی و تورکی و کوردی قسەیان دەکرد!!

*ژنێکی عەرەب بەناوی (نەوال) کەدانیشتووی گەرەکی (حی الوحدە)شاری کەرکوکە لەگەڵ کوڕێکی عەرەب ڕێکدەکەوێ و مێردەکەی خۆی سەردەبڕێ، کەچی هەر لەکاتی تەعزییەدا، ژنەکە لەلایەن کەس وکاری خۆیەوە زۆری بۆ دەبردرێ و ئازارو ئەشکەنجە دەدرێ، ئەویش دان بە تاوانەکەی دەنێ و چۆنیەتی کوشتنەکەی ئاشکرا دەکات. خزم و کەسی هەر لەوێ ژنەکە دەکوژنەوە بەڵام کوڕەکە ڕایکردووەو نازاندرێ بۆ کوێ هەڵاتووە!!

*ئەو ژنەی کەلەتەقینەوەکەی مەحکەمەی کەرکوک دا قۆڵی ژنێکی بازن لەدەستی دزی بوو، مرد. شایانی باسە لەتەقینەوەکەی مەحکەمەی کەرکوک کە خەڵکێکی زۆری تیاچوو ژنێک دەستی پەڕیبوو، بەبازنەوە لەبەردەم پیرەژنێکی دانیشتووی (ساحە طیران)کەوتبوو، ئەویش بێویژدانانە هەڵی گرتبۆوەو بەمەبەستی دزینی بازنەکانی لەلای خۆی گلیدابۆوە، کەچی دواتر لێی ئاشکرابوو، لێی سەندرایەوە. ئەو ژنە لەبەرواری ٢٠٠٧/٢/١١ بە نەخۆشی مرد.

بەرەی گۆڕان کۆدەبێتەوەو سەرۆکێکی دیکەی کاتی دەستنیشان دەکات

کاتژمێر ١٤ی ڕۆژی ١٥-٢-٢٠٠٧ دەستەی کارگێری بەرەی گۆڕان بە ئامادەبوونی تەواوی ئەندامانی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکراسیخوازانی کوردستان لە شاری هەولێر پێکهێنا. کۆبوونەوەکە بە خولەکێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد، ئەوسا کارنامەی کۆبوونەوە خرایە ڕۆژەڤەوە، دواتر ڕێکار ئەحمەد ئاکامی سەفەرەکەی بۆ ئەوروپا ڕوونکردەوە، دواتر بە خێرایی چاو بەکارەکانی ڕابردوو خشێندرایەوەو ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان و ناوچەکە هەڵسەنگێنرا.

دەستەی کارگێری بە وردی پەنجەنیشانی خاڵە ئەرێنی و نەرێنیەکانی کاروچالاکیەکانی ڕابردووی خۆی کرد و هیوای خواست کە لە داهاتوودا شێلگیرانەتر درێژە بە لایەنە پۆزەتیڤەکان بدرێ.

دەستەی کارگێری ئەنجوومەنی بەرەی ڕاسپارد تا ڕۆژی ٢٢-٢-٢٠٠٧ کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەڕێوەببات.

لەکۆتاییدا بەهۆی ئەوەی چوار مانگی سەرۆکایەتی کاتی بەرە تەواوبوو، دەستەی کارگێری هەڤاڵ شوکروڵلا حەمەدەمینی بۆ چوار مانگی داهاتوو وەک سەرۆکی کاتی بەرە دەستنیشان کرد و هیوای خواست کە هیوای خواست کە لە کارەکانیدا سەرکەوتووبێ.